# ليژنەی لێكۆڵینەوە كێ چەواشە دەكات؟!

دوای چاوەروانیەكی زۆرمان لەو ليژنەيەی كەپارتی بۆ چەواشەكردنی رای گشتی پێكیهێنابوو، سەرئەنجام روونكردنەوەیەكی چەواشەكارانەی بلآوكردەوە كەهیچ كەس باوەریان پێناكات. ئەگەرچی ئێمە هەر چاوەروانی ئەوەمان لەپارتی دەكرد، كەدوای ماوەیەك وەكو پیشەیی هەمیشەیی خۆیی خۆڵ بكاتە چاوی خەڵكیەوە، بەلآم هیچ كەسێكی ژیر سیقە بەم قسەیەی پارتی ناكات. لەسیناریۆكەیان نوسیویانە سەردەشت عوسمان بەڵێنی بەگروپێكی تیرۆریستی داوە كاریان بۆ بكات، بەلآم دواتر پەشیمان بۆتەوە. هیچ ئاقڵێكی ژیر ئەم درۆ زل و چەواشەكاریەی پارتی قبوڵ ناكات و، رەتیدەكاتەوە. سەردەشت عوسمان خاوەنی قەڵەمێك لەرقی لەچەك بوو، ئەوە هەموو كەس پێدەزانێت و تادواین ساتەكانی ژیانی دژ بەدەمارگیری و دواكەوتن بوو، هەمیشەش لەخەیاڵیدا چاوەروانی ئاییندەیەكی گەشی دەكردو ئایا هەرگیز كەسێك وەكو ئەو، ئامادەیە پەیوەندی لەگەڵ گروپی تیرۆریستی ببەستێت؟

رای گشتی بەرێز ئایا هیچ كەسێك دەتوانێت بەرۆژی رووناك لەبەرچاوی پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی پارتی لەنێو دڵی هەولێری پایتەختی كوردستانە داماوەكەمان لەژێر دەسەلآتی كۆنە پەرەستی پارتی پاسارییەكیش برفێنێت.

كوردستانیانی خۆشەویست

گروپی رۆژنامەنووسانی بێسنووری كوردستان بەهیچ شێوەیەك سیناریۆی لێكۆڵینەوەی لیژنەی پارتی قبوڵ ناكات و، رەتیدەكاتەوە. چونكە وشە بەوشەی جگە لەچەواشەكاری هیچی تری تیانییە. بۆیە جارێكیتر پێشنیار دەكەین هەموو تاكێك و بەتایبەتی رۆژنامەنووسان برژێنە سەر شەقامەكان، و گوریش بەقەڵەكانیان بدەن بۆ ئیحراجكردنی پارتی، تا ئەو كاتەی لەژێر فیشاری ئێوەدا ناچاردەبێت راستیەكان ئاشكرا بكات. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش داوا لەنوێنەری یونامی دەكەین، لەعێراق واز لەموجامەلەكردنی پارتی بهێنێت و، لیژنەیەك بۆ لێكۆڵینەوە لەچۆنیەتی تیرۆركردنی سەردەشت عوسمان پێكبهێنێت.

نیگەرانی خۆشمان نیشان دەدەین لەهەمبەر بێدەنگ بوونی كونسوڵخانەو نوێنەرایەتی ولآتانی ئەمریكاو ئەوروپی لەهەرێمی كوردستان لەهەمبەر ئەم كەیسە، چونكە بێدەنگ بوونی ئەوانیش دەریخست شتێك نییە لای ئەوان بەناوی مافی مرۆڤ و نەرشتنی خوێنی مرۆڤە بێتاوانەكان.تەنیا بازرگانی كردن نەبێت.

گروپی رۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستان کەیسی سەردەشت عوسمان بەکراوەیی دەهێڵێتەوە لەئەجنێدای کارەکانیداو داواش لەکەسوکاری دەکەین ڕێگەمان بدەن بۆ ئەوەی وێنەکانی بڵاوبکەینەوە تاوەکو شەقامی کوردی پێبهەژێنین.

**گروپی رۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستان**

2010/9/16

http://www.besnuri.com

http://www.facebook.com/besnur